محەمەد شیاع سودانی سەردانی بریندارەکانی ڕووداوەکەی حەمدانیە کرد

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، محەمەد شیاع سودانی سەردانی بریندارەکانی ڕووداوەکەی حەمدانیە کرد، و بەڕێوەبەرانی یەکە کارگێییەکان بەرپرسیار کرد لە بەدواداچوون بە ئەو کەسانەی کە مەرجەکانی سەلامەتی لە دامەزراوە گشتییەکان پێشێل دەکەن.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، محەمەد شیاع سودانی بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە بەشێوەیەکی مەیدانی بەدواداچوونی کرد بە پێشکێشکردنی چارەسەر بە بریندارەکانی ڕووداوەکەی قەزای حەمدانیە، و سەردانی ئەو بریندارانەی کرد کە لە هەردوو نەخۆشخانەی کەماری و حەمدانیە-دان بە یاوەری وەزیرانی ناوخۆ و تەندروستی و ڕێشنبیری و کەچ.

سودانی لەبارەی دەخی بریندارەکانەوە ئاگادارکرایەوە و گوێی لە بنەماڵەی قوربانییەکان گرت و پرسە وهاوخەمی خۆی بەیان دەربڕی، و فەرمانی کرد بە دابینکردنی هەموو پێداویستییەکانی چارەسەر بەبە دواکەوتن و گواستنەوەی دەستبەجێی حاڵەتە مەترسیدارەکان بە دەرەوەی عێراق بە مەبەستی چارەسەرکردنی، هەروەها کەبوونەوەیەکی ئەنجامدا کە تیایدا فەرمانی خێی دووپاتکردەوە بە بەردەوامبوون لە پشکنینی باڵەخانە گشتییەکان و هۆی بەنەکان و چێشتخانە و هەتەلەکان، لەگەڵ پشکنینی مەرجەکانی سەلامەتی

گشتی و گرتنەبەری ڕەوشوێنەکان بە ڕەگریکردن لە ئاگرکۆتنەوە و ئەگەری ڕووداوەکان، سودانی جەختی کردەوە لەوەی کە بەڕێوەبەرانی یەکە کارگێڕییەکان بە بەرپرسیار دەزانێت لە دەنیابوون لە سەلامەتی ئەم ڕەوشوێنانە، هەروەها فەرمانی سپاندنی قورسترین سزای یاسایی کرد دژی ئەو کەسانەی کە کەمتەرخەم بوون و هەکاربوون لە ڕووداوی ئاگرکۆتنەوە دە تەزێنەکە.